The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
chak.org@gmail.com

جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان .
کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال

ئەمرۆ کە 22هەمین سالیادی تاوانی ئەنفالە، بەلای ئێمەوە رۆژێکە بۆ بەرزراگرتنو رێزگرتن لە و مرۆڤە بێتاوانانەی لەپەلامارەکانی ئەنفالدا رژێمی بەعس بەپێشچاوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەولەتیەوە بەکۆمەڵ دەستگیری کردن، تەنها بە تاوانی کوردبوونیان، بەبێ دادگا دەستگیری کردنو دواتر بێسەروشوێنو کۆمەڵکوژی کردن، کەدواتر دەرکەوت، بەبێ بە پۆشاکی ئاسایی خۆیانە وە لەگۆڕی بەکۆمەڵدا شاردراونە تەوە، راستە تاوانی ئەنفالو هەڵەبجەو کیمیابارانی گوندەکانی کوردستان، دەرهەق بەکورد کراو قوربانیەکانی هاوڵاتیانی سڤیلی کورد بوون، بەڵام ئەو ملهوڕیو سنوربەزاندنەی دەوڵەتی عێراق دەرهەق بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و هەموو پەیماننامەکانی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدی سالی 1948و پەیماننامەی جنیفی سالی 1925 پەیماننامەی جاڕی گەردونی مافەکانی مرۆڤی بەدرۆخستەوە،و ئابروی مرۆڤایەتی لەکەدارکردو پەردەی لەسەر روی راستەقینەی هەموویان هەڵدایەوە، کە نەك هەر بێهەڵویست بوون لەسەر ئەو تاوانی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان بەڵکو بێدەنگیو بێهەڵویستی ئەوان مەودای تاوانەکەی فراوانتروقەبارەی قوربانیەکانی گەورەتر کرد .

هەربۆیەشە ئەمڕۆ ئەنفال بە تاوانی سەدە ناو زەد دەکرێت. چونکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تاوانی ئەنفال جگە لە هۆلۆکۆستی جولەکەکان لەجیهاندا تاوانێکی بێ وێنەیە، راستە هۆلۆکۆست کۆمەڵکوژیەکی سامناك بوو، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەڵام ئەنفال لەدەرئەنجامدا سامناکترو برینەکەی قوڵترە چونکە تەنها کۆمەڵکوژی لێنەکەوتەوە بەڵکو گوند ڕوخاندن و کۆمە ڵکوژی گوندنشینەکانو، جینۆسایدی ئابوریو کولتوری و شێواندنی سەر لە بەری شیرازەی کۆمەڵگای کوردستانیشی بەدوای خۆیدا هێناوە کە هەتا ئەمڕۆ بەدەست ئاسەوارەکانیەوە گیرۆدەین.

ئەوەی لەدوای ئەنفالەوە دەگوزەرێ کوشتنی بەردەوام نیە ، بەڵکو یادەوەرییەکە پەیوەندی بەبوونو ژیانی ئایندەمانەوە هەیە، پەیوەندی بەهەڵویستی کۆمەڵگەی نێودەولەتیەوە هەیە، کە لەکاتی تاونەکەدا تارادەیەکی زۆر گوێیان بۆ بەعس شلدەکردو بە بڕوبیانوەکانی قایل بوون ! گوایە ئەوانەی ئەنفالکراون هەموویان

خائین‌و تێکده رو به کرێگیراوی ئێران بوون ..! پارساڵ له یادی بیست‌ویه‌که‌مین ساڵیادی تاوانی ئه‌نفالدا ته رمی 187 ئه‌نفالکراوی گه‌رمیان له بیابانه‌کانی نه‌جه‌فه‌وه گه‌رێندرانه‌وه بۆنیشتمان‌و له گۆرستانی دێبنه‌ی گه‌رمیان به خاك سپێردرانه‌وه، ئه‌مساڵیش ته‌رمی 104 منداڵی ئه‌نفالکراو و دوو دایك ده‌گه‌رێنه‌وه بۆ گه‌رمیان‌و له گۆرستانی بانی مه‌قان به‌خاك ده‌سپێردرێنه‌وه. ئیتر هه قی خۆیه‌تی وڵاته‌زلهێزه‌کانی دنیاو بانگه شه‌که‌رانی مافی مرۆڤ له گه‌ڵ هه ڵرشتنی ئاره‌قی شه‌رمه‌زاریاندا، بڕیار له چاره‌نوسی گه‌لی کورد بده ن.. داخۆ ئه گه‌ر ته رمی 104 منداڵ‌و دوودایك بگاته وه پایته‌ختی هه‌ریه‌ك له و وڵاتانه چی وه‌ڵامی ویژدانی خۆیان‌و په یماننامه‌کانیان ده ده‌نه‌وه..؟ ئه وه ره‌فتاروکرداری ئه‌و رژێمه بوو که به‌ئه‌نقه‌ست چاویان له‌تاوانه‌کانی ده‌پۆشی.
که‌چی به‌داخه‌وه، سه‌رباری ئه‌وه‌ی کورد رۆڵی به‌رچاوی له پێکهێنانه‌وه‌یدا هه‌بوو ده‌وڵه‌تی عێراق چاو له و تاوانه گه‌وره‌یه ده‌پۆشی‌و بێباکه له‌هێنانه‌وه‌ی ته‌رمی منداڵانی ئه‌نفالکراو نه‌ك هه‌ر داوای لێبوردنی له‌گه‌لی کورد نه‌کردووه، به‌ڵکو هه‌تا ئێستاش مافه یاسایی‌و ده ستوریه ڕه‌واکانیشی به‌هه‌ند ناگرێ. ئه‌مه‌ش له‌کاتێکدایه که میراتگری ده‌وڵه‌تی پێشووه‌و ئه رکی سه‌رشانێتی به مه‌رسومێکی کۆماری داوای لێبوردن له‌گه‌لی کورد بکات‌و قه‌ره‌بووی مادی که‌سوکاری ئه‌نفالکراوان‌و قه ره‌بووی مه‌عنه‌وی گه‌لی کورد بداته‌وه.
که‌چی به پێچه‌وانه‌ی بنه‌ماکانی یاسای نێوده‌وله‌تیه‌وه ده‌روانێته مافی قوربانی جینۆساید، له‌بری ئه‌وه‌ی ڕێز له‌گه‌لی کورد بگرێ‌و بڕیاره‌کانی دادگا جێبه‌جێبکات‌و سزای تاوانبارانی ئه‌نفال بدات، به پێچه‌وانه‌وه تاوانبارانیان خزاندووه ته‌وه ناو ڕیزه‌کانی سوپاو دام‌و ده زگاکانی ده‌وڵه‌ته‌وه‌و ئێستاش له هه‌وڵی ئه‌وه‌دان به عس بهێننه‌وه مه‌یدانی سیاسی له‌عێراقی به‌ناو ئازاددا، ئه‌مه‌ش جگه له‌وه‌ی سوکایه‌تیه به‌هه‌ست‌وهۆشی گه‌لانی عێراق، پێچه وانه‌ی ده‌ستورو په یماننامه‌ی نێوده‌وله‌تی‌و پشتگوێ خستنی مافی گه‌لێکه که‌تاوانی جینۆساید له دژی ئه‌نجامدراوه.
له‌هه‌رێمی کوردستانیش تۆمه‌تبارانی ئه‌نفال به‌تایبه‌تی ئه‌و جاش‌و موسته‌شارانه‌ی پێشله‌شکری سوپای به‌عس بوون و به شداری تاوانه‌که‌یان کردووه و خه ڵکیان فریوداوه، ویڕای ئه‌وه‌ی دادگا داوای کردوون نه‌ك هه‌ر نه‌چونه‌ته به‌رده‌می دادگا به‌ڵکو به ئیمتیازو پاسه وانی زۆره‌وه له‌ئامێزی حزبه ده‌سه‌ڵاتداره‌کاندان، به‌پێشچاوی که‌سوکاری قوربانیانه‌وه ته‌راتێنیانه‌و له یاساو مافی قوربانیان بێمنه‌تن .
ئێمه وه‌کو ناوه ندی هه‌له‌بجه دژبه‌ئه‌نفال و جینۆسایدی کورد – چاك له‌دوای تاوانی ئه‌نفال‌و له‌گۆرنانی به‌عس داڵده‌دانی تاوانباران و ده‌ستوه‌ردان له‌کاروباری دادگاکان به پێشیلکاری مه‌ترسیدار ده زانین و مه حکوم ده که‌ین، بۆیه له‌م یاده دا داوا له حکومه‌تی عێراق‌و حکومه تی هه‌رێمی کوردستان ده که‌ین، رێز له سه‌روه‌ری

یاساو مافه كانی مرۆڤ بەتایبەتی مافی قوربانیانی ئەنفال بگرن .. بەراشكاوی رایدەگەیەنین لە سەرئاستی ناوخۆو دە رەوە بەگژ هە ر پێشێلكاریە كدا دە چینەوە، دالْدەدانی جەلادو رێزنەگرتن لەقوربانی، مەحكومو شەرمەزاردەكەین .

داوا لە كەسوكاری قوربانیانیش دە كەین بێدە نگ نە بنو لە وە نەبوورن چیدی دالْدەی تاوانباران بدریّ ، چونكە هەربێدەنگی بوو بازنە ی تاونەكانی رژێمی دكتاتۆری عێراقی فراوانكردەوە تا ئاستی جینۆساید . هۆشداری ئەوە دەدەین كە یاسای ژمارە 10ی ساڵی 2005 ی دادگای باڵای تاوانەكان، هە موو ئە و لێبوردنە گشتیانە هەلْدەوەشێنێتەوە، كە لەپێش دامە زراندنی دادگاكەوە بۆ تاوانبارانی تاوانی جینۆساید دە رچوون، سە ركردایەتی سیاسی كوردستان دە بیّ ئەو ڕاستیە بزانێت دالْدە دانی تاوانبارانو گومانلێكراوانی تاوانی جینۆساید تە نها سوكایە تی نیە بە مافی قوربانی بەلْكو رێزنە گرتنە لەنیشتمانو سە روەری یاساو بیّ بەهاكردنی ژیانو كەرامەتی مرۆڤی كوردیشە.

ناوەندی هەڵەبجە
دژبەئەنفالوجینۆسایدكردنی گەلی كورد - چاك

14.04.2010